# چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیا و کارخانەی یاری منالآنی ئەمڕۆ و گەورە هێزی داهاتوو

(وەڵامێك بۆ نووسینێکی بەڕێز مەلا بەختیار)

8

عەلی مەحمود محەمەد– بەشی حەوتەم



سزای گەندەڵی



سەرۆك وەزیران سەریسالّی لە ناو کرێکارانی خەلّوز لە ژێر زەوی کردەوە

## گەندەڵی

مۆنتسیکی لە بەشی سێی کتێبی گیانی یاساکاندا باسی ئەوە دەکات کە گەندەڵی سوود وەرگرتنی هەڵەو نا دروستە لە دەسەڵات . بە گوتەیەکی تر , خاوەن دەسەڵاتەکان , ڕێگە بە خۆیان دەدەن کە بۆ ڕازیکردنی خواستەکانییان , یاسا بشکێنن . بەڵام هیچ کۆمارێك بەرچاو ناکەوێت کە لە سەر یاسا شکێنی بەردەوام بێت . کۆماری بە بێ یاسا مەترسی لە ناوچوون یان گۆڕانی بۆ حکومەتێکی چەوسێنەر و ستەمکار هەڕەشەی لێدەکات (ماکیاڤیللی و بیری ڕێنانس – وەرگێڕانی موسلح ئیروانی –ل**111–112**).

بەڕێز مەلا بەختییار لە بەشی کۆتایی باسەکەیدا دێتە سەر باسی دیاردەی گەندەڵی لە چیندا , لەمەشدا هۆکارێك هەیە پاڵی بە کاك بەختیارەوە نابێت , لە هێنانە پێشەوەو قسەکردن لە سەر ئەم دیاردەیە , ئەویش ئەوەیە دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە بیسەلمێنێت , دیاردەی گەندەڵی دیاردیەکی سەرتاسەری جیهانییەو لەزۆربەی وولآتاندا بوونی هەیە و ئاساییە لە هەر حکومەت و کۆمەڵێکدا هەبێت , نموونەش وولآتێکی مەزنی گەشەکردووی وەك چینە , بۆیە بوونی لە کوردستانیشدا دیاردەیەکی سروشتییە . بەڕێزی دەنوسێت :–

ئەو بۆچونانە, تەنها لەباسکردن‌و دیاریکردنی نەخۆشیەکاندا, دەستیان لێ‌هەڵنەگرتووە , بەڵکو بەکردەوەش کەوتونەتە ریشەکێشکردنی گەندەڵی‌و گەندەڵەکان‌و چاویان لەهیچ بەرپرسیارێك, کاربەدەستێك, هاورێ‌و دۆستێك نەپاراستووە. هەرکەسێك, لەهەر پلەیەکی حیزبی‌و پایەیەکی دەسەڵاتدا بوبێ, سزایان داوە. هەر بەڕاستی سزادانەکە, لەئاستی گۆڕانکاری‌و چاکسازی وڵاتەکەدا بووە. بەم شێوەیەش, پاکسازی‌و چاکسازییان چەسپاندووە:

چین وەك زۆربەی وڵاتانی کەنارو تازە پەرەستێن ڕونکاری لە سستەمی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا لاوازە , هەرچەندە هەندێك هەنگاو لەم بوارەدا نراوە (شەفافییەت ڕۆڵی سەرەکی دەگێرێت بۆ کۆتایی هێنان بە گەندەڵی و پێشکەوتنی ئابوری , بیرمەندان هەموویان لەسەر ئەم بۆچونە کۆکن –بیان 27–3–2005) , لە چین لە چاو وڵاتانی ڕۆژئاواوە شەفافییەت نییە , بەڵام جیاوازی لە گەڵ کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە ئاسمان و ڕێسمانە و شیاوی بەراورد کردن نییە , چونکە کەم زۆر دەتوانیت دەستت بە شتێك بگات ناوی بانکی زانیارییە . لەم وڵاتانە ئامارەکان زۆربیان شاراوەن لە لایەن ئەڵقەیەکی تەسکی دەسەڵاتدارانەوە , شاردنەوەی زانیاری و ئامار لە خەڵك خاڵی دەستپێکی گەندەڵییە لە حکومەتدا . ئەمڕۆ گەندەڵی یەکێکە لە مەترسییە گەورەکان بۆ سەر داهاتوی گەشەکردنی چین , لێپرسینەوە لە بەرامبەر پێشێلییەکان هەنگاوێکی کەیە بۆ ڕوبەڕو بونەوە بەرامبەر دیاردەی گەندەڵی , چینییەکان لەم خاڵە تا ئێستا هەنگاوی مەزنییان ناوە , سەرباری هەنگاوەکان تا ئێستاش بە دەستییەوە دەتلێنەوەو یەکێکە لەو مەترسییانەی هەڕەشە لە دوا ڕۆژی ئابوری چین دەکات , لەم بەشە لەسەر ئەم خاڵە ڕادەوەستیین . نەبوونی لێپرسینەوە بەرامبەر گەندەڵی لە کوردستان وای کردووە گەندەڵی ببێتە سستەماتیك و تێکەڵ بە جەستەی دەسەڵات بووەو ناتوانرێت لێی جیابکرێتەوە , سەر تا خواری سستەمی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی گرتۆتەوە , لێپرسینەوەی گشتی و هەنگاو بۆ پاکسازی , ئاکامەکەی بە سزای تەواوی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی دەگات , بۆیە زاڵ بوون بەسەرییدا گرانە .

ڕێژەی گەندەڵی لە عێراق **70**٪ یە , لە کوردستان ئەم ڕێژەیە زیاتر نەبێت کەمتر نییە , عێراق بۆتە یەکێك لە وڵاتە پێشەنگەکانی گەندەڵی لە جیهاندا , ئەگەر پێوەری تەواو هەبێت , ئەوا هەموو پێوەرێکی جیهانی بەزاندووە , داهاتی وڵات ئەوەندەی نوخبەی سیاسی دەیبەن , ئەوەندە بۆ گەل و پرۆژە هەمەلایەنەکانی کە نامێنێتەوە .

بونیادی ڕۆژهەلاتییانەی کۆمەڵ هۆکارێکی کەی گەشەی گەندەڵییە , بوونی پەیوەندی بەرفراوانی کۆمەلایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ , دەبێتە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی واسیتەو ڕۆتین لە دەزگاکاندا . لەو وڵاتانەی پەیوەندی نێوان تاکەکان لاوازە وەك وڵاتانی ئەسکەندەناف و فنلەندو تەواوی ڕۆژئاوا , گەندەڵی تێیاندا کەمە , بەڵام لەو وڵاتانەی پەیوەندی کۆمەلایەتی بەهێزە , ئەوا گەندەڵی زۆرە و بەشێوەی بەرفراوان بڵاوبۆتەوە . تا یەکتر ناسین و پەیوەندی کۆمەلایەتی بەهێز بێت لە نێوان تاکەکان ئەوا ڕۆتین و واسیتە تەشەنە دەکات .

## چین و گەندەڵی

پێش سەرکەوتنی شۆڕش گەندەڵی بە شێوەی فراوان بڵاو ببوەوە لە چین , یەکێك لەو هۆکارانەی چینی لە کاروانی مێژوو دواخست بوونی گەندەڵی بەرفراوان بوو , گەندەڵی بە ئاستێکدا ڕۆیی دەسەلاتی ناوەندی بەرەو هەڵوەشانەوەو داڕزان برد , تا وڵاتە داگیرکەرەکان لە زنجیرەیەك هێرشدا بەشی زۆری وڵاتییان داگیر کرد و دایان بڕی لێی , پەیماننامەی سەر شۆڕانەیان بەسەرییا داسەپاند .

بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەو سەردەمانەی حەماسەتە شۆڕشگێڕییەکان لە لوتکەدا بوو , هەرچەندە داهاتی تاك لەو پەڕی کەمیدا بوو, نزیك بە نیوەی چینییەکان بە پێوەری خۆماڵی لە خوار هێڵی هەژارییەوە بوون , بەڵام چین وڵاتێك بوو کەمترین ڕادەی گەندەڵی تێدا بوو (( چینی میلی گەندەڵی تێدا نییە , هەموو دانیشتوان پێکەوە کارە کەن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش )) **(جولة في الصين-كارل اسكلوند-ترجمة عمر الاسكندري-دار الفكر العربي-قاهرة- ص52)** .

دینگ هەرچەندە بە باڵی ڕاستی ناو پارت ناسرابوو , کە مرد هیچی لە پاش بەجیٚ نەما , تەنانەت پێش مردنی گلێنەی چاو خۆشی بەخشی , داواشی کرد خۆڵەمێشی تەرمەکەی هەڵنەگرن . **زۆربەی** بەرپرسانی ئێستای چینیش ژیانی کەسایەتییان سادەو ساکارە , مانگانەی سەرۆك لە چەند سەت دۆلارێك تێپەڕ ناکات , بە پێچەوانەی سەرکردە کۆمۆنیستە بیروکراتەکانی سۆڤییەت و وولاتانی ئەوروپای خۆرهەلات , ژیانێکی بیروکراتییانەی ئەرستۆقراتییانەی دور لە جەماوەر دەژییان .

دینگ لە ساڵی **1980** چاکسازی سستەمی کارگێڕی و سەرکردایەتی ڕاگەیاند لە پارت و دەوڵەت , زاڵ بوون بەسەر بیروکراتییەت و کۆتایی هێنان بە مانەوەی دەسەلاتداری تا مردنی بەرپرسان گرنگترین هەنگاوی چاکسازی بوو لە ناو پارتدا , دینگ دژایەتی دەسەلاتی بتریارکی و نا مەرکەزییەتی ڕاگەیاند لە بەرامبەردا پیادە کردنی دەسەلاتی بە کۆمەڵ لە ناو پارتدا .

دژایەتی گەندەڵی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لەق نەبوونی هەیکەلی دەسەلاتدارییەتی و تێکچوونی ئارامی سیاسی لە نیشتمان . جێگیرکردنی ڕەوایەتی دەسەلات لە ڕێگەی ئارامی سیاسی و بیمەی کۆمەلایەتی و دژایەتی گەندەڵی یەوە مسۆگەر دەکرێت , لە ڕێگەوەیان پشتگیری گەل لە سستەم مسۆگەر دەکرێت , تا ڕەوایەتی و جێگیری سیاسی نەبێت ناتوانرێت گەشەی ئابوری لە وولاتدا مسۆگەر بکرێت .

هەر دەسەلاتێك ئەگەر چاودێری و لێپرسینەوەی تێدا نەبێت گەندەڵە بێت , چاودێریش بیٚ بوونی شەفافییەت و ئازادی تاك و سستەمی دیموکراسی حکومەتی یاسا کارا نابێت, بەرەو ئاقارێکی کە دەڕوات ئەویش داسەپاندنی ستەمکارییە بەسەر کۆمەڵدا . بەلام دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و بەشداری سیاسی لە چین دوا دەکەوێت , زیاد بوونی جیاوازی داهاتی تاك و ناوچەکان و کۆچی ناوخۆیی بە کۆمەڵ و نەبوونی تۆڕی بیمە وا دەکات لە داهاتوودا نا جێگیری سیاسی دروست بێت ئەگەر چارەیان بۆ نەدۆزرێتەوە .

گەندەڵی لە هەموو حکومەت و پارت و کۆمەڵەیەکدا هەیە , بەلام چینییەکان گرنگی بەکادیرەکانی سەرکردایەتی دەدەن (**16-1-2995** شینخوا). دەیانەوێت لە لوتکەوە بەر بە گەندەڵی بگرن , لە ڕاستیشدا گەندەڵی گەورە لە لوتکەوە ئەنجامە درێت , ئەوان بە پێچەوانەی ئەو وتەیەی (دزی گەورە بۆ ڕێز لێنانە و دزی بچوکیش بۆ کونی زیندانە) مامەڵە دەکەن . یەکێك لەو کەم و کورییانەی پاش چاکسازییەکان بۆ چینییەکان هاتە پێشەوە گرنگیدانی سەرەکیی بوو بە گەشەی بەرهەمی نەتەوەیی وولات , وە هەڵپەکردن لەم بوارەدا , لەسەر بنچینەی پێشێلی ماڤ کرێکاران و پیسکردنی ژینگە و بە تالان چوونی کارگاکانی دەوڵەت دەستی پێکرد , ئەمەش جیاوازی ئاستی ژیانی ناوچەکان و شارو لادێی لێکەوتەوە , هەندێك ناوچە هەژار بوون ناوچەکانی ڕۆژهەلاتیش داهاتی تاك چەند بەرامبەر چووە سەر , کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی تەشەنەی گەندەڵی . سەرباری ئەوەی لە قۆناغی گواستنەوەی ئابوری لە دەوڵەتییەوە بۆ تایبەتی , فرۆشتنی کەرتە قازانج نەکردووەکان بە کەرتی تایبەت , مەزادی ڕوکەش و فرۆشتنی بە دەست و پێوەندەکان یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی گەندەڵییە لە چین , سەرچاوەیەکی کەش کۆنتراکتە نهێنییەکانە .

سەرکردایەتی پارت ئێستا کە خۆی لە هوجینتاو و ووین جیابا دەبینێتەوە , زیاتر خۆیان بە ژینگەو دادپەروەری کۆمەلایەتییەوە خەریك کردووە و گرنگی زیادی پێدەدەن , ئەوەی ئێستا دەیبینین لە چین و لە لایەن سەرکردایەتی نوێوە گرنگی پیٚ دەدرێت ئەوەیە , بە سیاسەتەکانی ڕابردوودا دەچنەوە , حکومەتی ئێستا زیاتر دەست بۆ ماڤ کرێکاران ئەبەن , ئەو مافانەی پێشتر پێشێلییان کردبوو لە دواخستنی مانگانەو هەقدەستەکانییان , ئێستا مافەکانییان بۆ دەگێڕێننەوە (بیان **16-**

2005-3 پرۆفیسۆر وانغ هۆی), ساڵی ڕابردوو زیاتر له 30 ملیار یوان کرێی کرێکارانی کەڵەکەبووی نەدراوو درا بە خاوەنەکانییان .

## گەندەڵی و سزادان

له چین گەندەڵییەکی بەرفراوان تەواوی دام و دەزگاو کەرت و ناوەندەکانی دەوڵەتی گرتۆتەوە , له پنتی لوتکەی هەرەمەوە بۆ بنکه شۆڕبۆتە خوارەوە بۆ هەناوی کۆمەڵگا , تا بەرەو لوتکه سەردەکەوین قەبارەی گەندەڵییەکان گەورە دەبێتەوە .
پاش چاکسازییه ئابورییەکان له ساڵانی 1979 بە دواوە گەندەڵی زیادی کرد , بە زیاد بوونی قڵشی نێوان ئاستی ژییان و داهاتی هاووڵاتییان گەندەڵی دەچێتە سەر , چاکسازییەکان بۆ خۆشی هەلی باشه و پاروی چەورە بۆ حیزبییه گەندەڵەکان , بۆ بە تالان بردنی کارگاو کارخانه دەوڵەتییەکان .
داهاتی تاك بۆ سنوری ژێر هێڵی هەژاریی لەچین 80 دۆلارە له ساڵێکدا , ئەمەش گەلێك له خوار ئاستی ناوەندی جیهانه , ساڵی 2004 ژمارەی 2,9 ملیۆن کەس له هەژاری ڕزگارییان بوو, بە ڕێژەی 10٪ ی هەموو ووڵات , هێشتا له چین 261 ملیۆن هەژار هەیه لەچاو ستانداردی جیهانی نەك چینی بەڵام بەستانداردی چینی کەمترە له 10٪ ئەو ڕێژەیه , بە گوێرەی پێوەرە جیهانییەکان بۆ لانی کەمی داهاتی تاك . دەوڵەت بڕیاری داوە تا ساڵی 2010 کێشەی دەرمان و خواردن و خوێندن بۆ هەموو هاووڵاتییانی چینی چارەسەر بکات . جیاوازی نێوان جوتیارانی هەژار و ئاسایی له ساڵی 1992 بریتی بوو له 1: 2,45 , بەڵام ساڵی 2003 بەرز بووەوەو گەیشتە 1:4,39 (6-4-2005 شینخوا). بەم شێوەیه دەبینین قەڵەشی نێوان ئاستی ژییانی هاووڵاتییان تا دێت زیاد دەکات .
چین ووڵاتی ژمارە 66 ە له لیستی گەندەڵی جیهانی , خاوەندی 3,4 نمرەیه له کۆی 10 نمرە , عێراق ژمارە 112یەو و فەرەنسه ژمارە 23 یه , فنلەندەش یەکەم ولاتە بۆ کەمی گەندەڵی له جیهاندا , له کۆی 10 خاڵ خاوەندی 9,7 نمرەیە(سی ئێن ئێن 8-10-2003 ) .گەندەڵی له عێراقدا لەو مێژووەوە(2002) تا ئێستا زۆر ڕوو له سەر بووە , بە تایبەت دوایی ئەوەی ئەوهەموو داهاتی نەوتە کەوتە دەستی بەرپرسان .
پارتی کۆمۆنیست کە دەسەڵاتداری یەکەمە له ووڵاتدا , نەك سەرۆکی پارت , له سەردەمی دینگەوە کۆتایی بە سەرۆکایەتی تا مردنی سەرۆك هاتووە , جیانگ زمین له تەمەنی78 ساڵییدا ئیستقاله دەدات له سەرۆکی لیژنەی سەربازی پاش 15 ساڵ له سەرۆکایەتی ئەم دەزگایە (شبکه صین 8-3-2005), پێشتریش هەردوو دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی پارتی له کۆنگرەی 16 تەسلیم بە جێنشینەکەی کرد , ئەمەش هەنگاوێکی باشه بۆ پاوان نەکردن و کۆنەبونەوەی دەسەڵاتی ووڵات له دەست کەسێکدا , وەك ئەوەی له سۆڤییەتدا هاتە ئاراوە , جیاوازی نێوان گەل و دەسەڵاتداران بووە ئاسمان و ڕێسمان .
سەرۆك هۆ جین تاو 6 بەڵگەنامەی پێشکەش کرد بۆ چاکسازی له ڕیزی پارتدا له بواری ڕێکخستن و دیاریکردنی دەستەی سەرکردایەتییەکان , ئەویش ئەوەیە تەواوی دەزگاکانی سەرکردایەتی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێن , له هەنگاوێکدا 600 بەرپرسی حیزبی لێ کەوتن (چینی ئەمڕۆ -ژمارە 5 ساڵی 2005). تەنانەت بۆ یەکەمجار له پارێزگای تشۆنغتیشینغ بڕیاری ئەوە درا جێگیری سەرۆکی هەرێم دەربکرێت پاش ڕودانی دوو ڕوداوی بەربونەوەی ئۆتۆمۆبێل بۆ ناو زێیەك له یۆلی و ئۆگۆستی 2002 (چینی ئەمڕۆ ژمارە 5-2005) . ئەم هەنگاوە سیاسییانە ڕێگایەکە بۆ تەسك کردنەوەی دەسەڵاتی بەرپرسان و تاك له ناو حیزبدا , وە لیپرسینەوەو چاودێری کردنی له لایەن کۆوە .

پاکسازی له ڕیزی پارت دژ به گەندەڵی به شێوەی بەردەوام بەڕێوە دەچێت , ئەم پرۆسەیە بە نهێنی ئەنجام نادرێت , بەڵکە حیزب ڕاشکاوانەو بە ئاشکرا پەنجەی لەسەر دادەنێت و پیادەی دەکات , سزاکان ئاشکرا کاری تێدایە , هەروەها بەردەوام به دوای چارەسەرییا دەگەڕێت بۆ ڕزگار بوون لێی , ئەنجامی سزاو دادگاییەکان بڵاو دەکاتەوە , بۆ چاو ترساندنی ئەوانەی سزا نەدراون , تا خۆیان لە گەندەڵی بپارێزن . چین یەکەم وولاتە لە جیهان بۆ جێبەجێکردنی سزای ئیعدام لە جیهاندا , زۆربەی سزا دراوەکانیش تاوانیان گەندەڵییە . شاو داو شنغ پسپۆر لەناو پارتی کۆمۆنیست ووتی ( بەرپرسێك زۆر لە شوێنەکەی بمێنێتەوە تووشی گەندەڵی دەبێت ). لە ساڵی **1996** ەوە بڕیاردراوە هیچ بەرپرسێك **5** ساڵ زیاتر لە شوێنێك نەمێنێتەوە ( **2005-2-2** شینخوا) .

وو فوان ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی بەشی گەندەڵی ڕای گەیاند : کەرتەکەیان لەسەر سێ پایە کار دەکات ( چاودێری – پارێزگاری– سزا) (ڕۆژنامەی گەل **18-1-2005**). چاودێری کردنی سەرتاپای بەرپرسە حیزبییەکان و فەرمانبەران, پارێزگاری کردن لە سەروەت و سامانی وولات , سزادانی هەر کەسێك بەتەنگ پاراستنی سەروەت و سامانی دەوڵەتەوە نەبێت . ئەم پرۆسەیە تەنها بە چاودێری بەرپرسانەوە نەوەستاون , بەڵکە چاودێری توندیشییان خستۆتە سەر بەرز کردنەوەی پلە حیزبییەکان (پارتی کۆمۆنیست چاودێری توند دەخاتە سەر بەرزکردنەوەی پلەی بەرپرسان )(شینخوا **24-1-2005**).

تا ئێستا دەیان هەزار بەرپرسی جۆراو جۆری حیزبی سزادراون لەسەر گەندەڵی , زیانی گەندەڵی هەر بەوە ناوەستێت کە زیانی گەورە مادی دەدات لە دەوڵەت , کە ساڵانە بە دەیان ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت , بەڵکە تۆوی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتیش دەچێنێت . گەندەڵی هەڕەشەی لەدەست دانی دەسەلات دەکات (بی بی سی **15-6-2005**). هەر گەندەڵی سەرچاوەی هەراکەی تیان مین بوو لە ساڵی **1989** .

لە ساڵی **2001** دا **36,447** باری گەندەڵی دۆزرایەوە , لە لایەن **40195** کەسەوە ئەنجام درابوون . لەوانە **17902** کەسییان بەرتیلیان وەرگرتبوو , لەناوییان **12020**ییان سزا دران (شینخوا-**11-3-2002**).لە ناو ئەوانەی سزای قورس دران جێگیری فەرمانڕەوای هەرێمی جیانغشی تێدا بوو , پاش دادگایی کردن گولە بارانکرا , گەورەترین بەرپرسی حیزبی و حکومی بوو تا ئەو کات لەسەر گەندەڵی سزا بدرێت . لەناو ئەوانەی سزا دران **7** بەرپرسی پایە بلندییان تێدا بوو لە ئاستی وەزیر و دەسەلاتداری ناوچەیی(**10-3-2002** شینخوا) , ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە ئەم بەرپرسەی ئاماژەمان پێ دا تاوانبار بوو بە کارێکی گەندەڵی خۆی دەدا لە **60000** دۆلار(بەیان **5-3-2001**). جێگیری سەرۆکی پەرلەمانی وولاتیش بە تاوانی گەندەڵی دەرکرا (بەیان **10-3-2001**). پار ساڵیش پارتی کۆمۆنیستی چینی وەزیرێکییان لەسەر گەندەڵی سزا دا ( بەیان **20-9-2004** ) . ئەو بەرپرسەش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی وەزیری زەوی و زار بوو بە تاوانی وەرگرتنی بەرتیلی **600000** دۆلار (**21-9-2004** شینخوا ).

لە ساڵی(**2004**)دا **20425** گومانلێکراو بە تاوانی گەندەڵی گرتران , هەروەها **30788** بەرپرسی دەوڵەتی دادگاییکران بە تاوانی بەرتیل خۆری و دزی , کۆی گشتی پارساڵ **811102** کەس گرترا لە چین , هەروەها لێپرسینەوە لەگەڵ **4412** بەرپرسی حیزبی کراوە بە تاوانی گەندەڵی , هاوکات لێپرسینەوە لە گەڵ **10407** فەرمانبەری باڵا کراوە (شبکە صین **9-3-2005**). هەروەها هەر لە ساڵی پاردا حوکمی **6** بەرپرسی گەورە درا لە ئاستی بەرپرسی هەرێمایەتی و وەزیر بە تاوانی گەندەڵی, هاوکات **772** بەرپرسی گەورە دادگاییکران بە هەمان تاوان , لە هەمان ساڵدا **18424** کەس دادگایی کران لەسەر بەرتیل و دزی بە زیادەی **5,21**٪ لە چاو ساڵی **2003** (**6-3-2005** شینخوا) ,ئەم نمونانەش دڵۆپێکە لە دەریایەك . مەترسیدارترین سزا ئەوانە دەگرێتەوە لە چین کە تاوانی ئابوری ئەنجامە دەن , تاوانی ئابوریش هەموو ئەو کردارانە دەگرێتەوە بە شێوەی ناشەرعی ئەنجامە درێن بۆ سودی کەسی لە پێناو بە دەست خستنی سەروەت و سامان .

بەم شێوەیە دەبینین وەك كاك بەختیار ئاماژەی پێ داوە, لە چین دەست لە كەس نەپارێزراوە لە سزادان بەرامبەر بە كردەی گەندەڵی (چاویان لەهیچ بەرپرسیارێك, كاربەدەستێك, هاوڕێو دۆستێك نەپاراستووە. هەركەسێك, لەهەر پلەیەكی حیزبیو پایەیەكی دەسەڵاتدا بوبێ, سزایان داوە. هەر بەڕاستی سزادانەكە, لەئاستی گۆڕانكاریو چاكسازی وڵاتەكەدا بووە).بەڵام لە كوردستان هەموو پاكسازییەكی پارتەكەی كاك بەختیار تەنها سەری كاك شێخ عەلی خوارد, ئەویش تەنها تاوانی ئەوە بوو , بێ پشت و پەناو گەندەڵ نەبوو .

سستەمێك چەندە یەكسانی خواز , یاخود پەیامەكەی لە لوتكەی مرۆڤایەتیدا بێت ,كە گەندەڵی تێكەڵی دەبێت , هەموو مانایەكی ڕەوایەتی خۆی لە دەستە دات , هۆكاری بوونی دەكەوێتە ژێر پرسیارەوە , یەكێك لەو كردارانەی تەواوی بەها مرۆڤایەتییەكانی وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتی خستبووە ژێر پرسیارەوە , گەندەڵی بەرفراوان و جیا بونەوەی توێژی دەسەڵات دار بوو لە گەل .

لە برگەیەكی دواتردا كاك بەختیار ئامانجەكانی خۆی لە هێنانەوەی ئەم بەشە لە ووتارەكەیدا دەخاتە بەردەست خوێنەران , ئەویش بۆ ئەوەیە بسەلمێنێت گەندەڵی دیارەیەكی ئاساییە لە زۆربەی سستەمەكاندا هەیە , تەنها پەیوەند نییە بە دەسەڵاتداری كوردستان و بەشەكەی خۆشییەوە لەو دەسەڵاتدارییەتییە , هەق بلێی ڕێگای دەست نەپاراستنی بە ئەنجام دەرانی بە دەسەڵاتدارانی كوردستان نیشان داوە . بەلام ئەو توندو تیژییەی لە چین ئەنجامە درێت دژ بە گەندەڵكاران كوردستان بگرێتەوە , سستەمی كارگێری لە بنەچەوە هەڵوەشێتەوە , بەرپرسێكی مام ناوەندیش بە ڕێكەوت نابینینەوە , نەكەوتبێتە كونی زیندانەوە , گەندەڵی بووە بەبەشێك لە جەستەی سستەم لە كوردستان , هێزیش شك نابەیت خۆی نەگلابێتە گەندەڵییەوە بڕیارەكە جێبەجێ بكات , كەسی گەندەڵ گەندەڵی چارەسەر بكات , كۆمەڵ گەڕو گولە بێت . درێژەی پێ دەداو دەنوسێت :—

چین.. بەوهەموو توانا ئابوریو سیاسیو سەربازیەیە, لەبەردەم گەندەڵیدا, ئەو سیاسەتە پاكسازییەی گرتبێتەبەر, ئاخۆ ئێمەی كوردو, ئێمەی حكومەتی هەرێمو, ئێمەی یەكێتیی نیشمانیی كوردستان, بۆئەوەی بتوانین ئەركەكانی سەردەمەكەو, ئەركەكانی دیموكراسیو, ئەركەكانی ئازادی ڕاببەپەڕێنین, ئاخۆ دەبێ, ئێمەش لەئاستی خۆمان, لەبەردەم دووڕیانی چارەنوسسازی هەڵبژارنی لەعێراقو كوردستاندا, لەبەرامبەر ئۆباڵی مێژوویی شەهیدانو مێژوودا, ئاخۆ دەبێ.. كاتی نەهاتبێ فەرمانبەری مشەخۆر, بەرپرساری بیروكراتو كاربەدەستێتی كەم ئاستو گەندەڵی داوودەزگا حكومەتیو ئیداریەكانو هەموو مەكتەبەكانیش, تەنانەت بۆ ئۆرگانەكانی خوارەوەش, پاكسازی بكەین.

ئەوەی لە چیندا جێی گەشبینییە ئەوەیە ئەم وڵاتە بەرەو كرانەوە دەڕوات , كرانەوەی سیاسی و بوونی ڕۆشنكاری لێپرسینەوەی توند ... بە هەمووەوە دەتوانن پێش بە ڤایرۆسی گەندەڵی بگرن .

لە ساڵی **2003** دا زیاتر لە **3** ملیۆن كەس بەشداری **58000** خۆپیشاندانییان كردووە لەم وڵاتە , كە هۆكاری زۆربەی ناڕەزایەتییەكان داخوازە ئابورییەكان بووە , ڕێگە دان بە سازدانی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی هەنگاوێكی پراتیكییە بۆ دژایەتی كردنی گەندەڵیی . هۆكاری سەرەكی و بە پلەی یەكەم خۆپیشاندانەكەی قوتابییان لە تیانامین لە ساڵی **1989** دژایەتی گەندەڵی بوو . شیاو بنگ لە ڕابردودا ووتی : (باوەڕ ئەوەیە هەموو هەڵەیەك چاك بكەینەوە ) (ئەهرام **2005-3-25** ژمارە **43208**) , گەندەڵیش یەكێكە لە هەڵە گەورەكان , ئەگەر بەری پێ نەگرترێت و چاك نەكرێتەوە , تیانمینەكانی داهاتوو چاوەڕوانی دەسەڵاتدارانەو ڕەوایەتی دەسەڵاتیش دەكەوێتە گومانەوەو متمانە لە دەستە دات .

سەرکەوتن بە سەر گەندەڵییا کاری بە پەلەو یەك جار و یەك هەڵمەت نییە , بەڵکە کارێکی درێژخایەن بەردەوامە بە درێژایی تەمەنی دەوڵەت , چونکە بەردەوام سەرهەڵەدات و زیندوو دەبێتەوە , سەرەتان ئاسا لە بن نایات , بۆیە دژایەتی کردنیشی وەرزی نییە و کاری بەردەوامی دەوێت .

گەندەڵی نەك تەنها سامانی وولات بەفیڕۆ دەدات , بەڵکە متمانەی ئابوریش لای بێگانەکان لە دەستە دات , متمانە نەمێنێت سەرمایەگوزاری بێگانە ڕوناکاتە وولاتەوە .

سەرۆکەکانی چین سالانە پەیمان دوبارە دەکەنەوە بۆ کارکردن لە پێناو ( چاودێری , ڕوونی , ئاسان کاری , چاودێری لەسەر سەرمایەگوزاری و داهاتی دەوڵەت , چاودێری لەسەر سەرمایەگوزاری و بەکرێدانی زەوی و ,,,,,, (شینخوا **17-2-2005**).

سەرباری تازە کردنەوەی پەیمان و هەڕەشەکان , ساڵ بە ساڵ لەگەڵ بەرفراوان بوونی ئابوری و چاکسازییەکان گەندەڵیش لە زیاد بوونە .

چاودێرانی سیاسی گەندەلی بە هەڕەشەی مەترسیدار و جدی دەزانن بۆ سەر داهاتووی ئابوری چین , چینییەکانیش خۆیان بۆ ئەو جەنگە ئامادە کردووە , چونکە دەزانن جگە لە جەنگ , گەندەڵی هیچ ڕێگەیەکی کەی لەبەردەمیان نەهێشتۆتەوە , یان ئەبێت بگەڕێنەوە بۆ زەلیلییەکەی ڕابردوو یان زیاتر هیمەت بکەن بۆ سەنگەر گرتن لێی و لاواز کردنی , لەم نێوەشدا بەرەو ڕوی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان دەبنەوە کە زۆربەی زۆری تاوانی هەڵواسینەکان لە بەرەی دژ بە گەندەڵییەوەیە .